حزبوڵای لوبنانی: تیرۆرکردنی ساڵح عاروری بە وەڵام نابێت

حزبوڵای لوبنانی رایدەگەیەنێت، کووشتنی ساڵح عاروری جەگری سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس لەلایەن ئیسرائیلەوە لە لوبنان، بە "وەڵام و سزا تێناپەڕێت".

پێشتریش بزووتنەوەی حەماس بە فەرمی رایگەیاندبوو، لە تەقینەوەکەی باشووری بەیرووت، ساڵح عاروری جەگری سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس لەلایەن ئیسرائیلەوە بەئامانج گیراوە.

بزووتنەوەکە راشیگەیاندبوو، بڕجگە لە ساڵح عاروری، دوو سەرکردەی دیکەی قەسسامیش لە بەیرووت لە ڕێگەی ئەم هێرشەوە کوژراون.

تەقینەوەکە لە ناوچەی شیاح – ئەلمەشرەفییەی بەیرووت رووویدا.

لەمبارەیەوە ماڵپەڕی سکای نیوزی بەریتانی رایگەیاندبوو، بڕدومانەکە لە ڕێگەی

درنه وه بووه.